# ئەوەی دەرفەت بدات بەکەسێک کە ناڕەحەتی لەسەرە (بەهۆی قەرزەوە)، یان شتێک لە قەرزەکەی لەسەر کەم بکاتەوە؛ ئەوا الله دەیخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی دەرفەت بدات بەکەسێک کە ناڕەحەتی لەسەرە (بەهۆی قەرزەوە)، یان شتێک لە قەرزەکەی لەسەر کەم بکاتەوە؛ ئەوا الله دەیخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی لە ڕۆژی قیامەتدا لە ڕۆژێکدا کە هیچ سێبەرێک نییە جگە لە سێبەری ئەو نەبێت».

[صەحیحە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوە دەکات هەرکەسێک دەرفەت وماوەی زیاتر بدات بە قەرزدار یان شتێک لە قەرزەکەی لەسەر کەمبکاتەوە، ئەوا پاداشتەکەی: خوای گەورە دەیخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی لەڕۆژی قیامەتدا ؛ لەو ڕۆژەی کە خۆر نزیک دەبێتەوە لەسەری بەندەکان وگەرمیەکی زۆر بەتین تووشیان دەبێت. بۆیە هیچ یەکێک سێبەر نادۆزێتەوە مەگەر ئەو کەسەی خوای گەورە بیخاتە ژێر عەرشی خۆی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4186